## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی

# پرۆژە کشتوکاڵییەکانی سنوری گەرمیان و ئاستەنگییەکانی بەردەمیان

کانونی یەکەمی 2023

# پێشەکی

مەبەســت لــە پــرۆژە کشــتوکاڵییەکان، ئــەو پرۆژانــەن کــە ســەرمایەگوزارییان لە بواری کشتوکاڵدا، لە نموونەی دروستکردنی پرۆژەی گەورە لە بواری ئاژەڵداریی یان بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لــە ڕێگەی کارگە یاخود مامەڵە لەگەڵ بەرهەمە کشــتوکاڵییەکان دا.

لەم ســاڵانەی دواییدا ژمارەی پرۆژە کشــتوکاڵییەکان لە گەرمیان بەرەویــان پەیداکردوە و بەپێویســتمان زانی لەســەر ئەم لایەنە وردەکارییەکــەی و تەگەرەکانی بەردەمی و دەســتی حکومەت لە بەرەوپێشبردنی دا، ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەین.

## بەشی یەکەم: پرۆژە کشتوکاڵییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان

### یەکەم: ژمارەی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان

| ناوی پرۆژە | روبەر | ناوچە | گوژمە | توانای بەرهەم |
|---|---|---|---|---|
| **کارگەی شیری مرواری** | 300 دۆنم | کەلار | 10 ملیۆن دۆلار | 10 تەنی رۆژانە |
| **کارگەی قارچکی هیوا** | 25 دۆنم | کەلار | -- | 3 تەنی رۆژانە |
| **کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی دیاربەکر** | 5 دۆنم | کفری | 2 ملیار دینار | هەزار تەنی رۆژانە |
| **کارگەی زەیتی زەیتونی کەلار** | 2 دۆنم | کەلار | -- | 40 تەنی رۆژانە |
| **کوشتارگەی پەلەوەری خاوێن** | 1000 مەتر دوجا | کەلار | -- | 12 هەزار مریشکی رۆژانە |
| **کارگەی ئالیکی مرواری** | 5 دۆنم | کفری | 3 ملیۆن دۆلار | 200 تەنی رۆژانە |
| **پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی مرواری** | 2 دۆنم | کفری | 1 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار | 12 ملیۆن جوجکە لە ساڵێکدا |
| **کارگەی ئالیکی دیاربەکر** | 5 دۆنم | کفری | ملیارو نیوێک دینار | 170 تەن لە رۆژێکدا |
| **پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی ئادەم** | 3 دۆنم | ناحیەی قورەتو | 800 ملیۆن دینار | 40 هەزار جوجکە لە رۆژێکدا |
| **پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی کازیوە** | 2 دۆنم | ناحیەی قورەتو | ملیۆنێک دۆلار | 5 ملیۆن و 600 هەزار جوجکە لە ساڵێکدا |
| **کارگەی ئالیکی ئامەد** | 4 دۆنم | ناحیەی کۆکس | 1 ملیۆن و 100 هەزار دۆلار | 700 تەنی ساڵانە |

تێبینی:
هەندێک پرۆژەی دیکە هەن یان کارەکانیان راگیراوە یاخود هێشتا بە تەواوی دەستیان پێنەکردوە.

# دوەم: ناساندنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان

## ١. پرۆژەی کارگەی شیری مرواری

عەلی ئەکبەر، بەڕێوبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری «مرواری فارم» دەڵێت: پرۆژەکەمان لە سنوری کەلار دایە، بریتییە لە پرۆژەیەکی (گاوداری لەگەڵ شیرەمەنی) لەسەر روبەری (٣٠٠) دۆنم زەوییە بە گوژمەی دە ملیۆن دۆلار. پرۆژەکە شیری سروشتی بەرهەمدێنێت و راستەوخۆ لە کارگەدا بەکاردەهێنرێتەوە بۆ دروستکردنی بەرهەمی سپیایی، کە بریتین لە: (ماست، شیر، دۆ، پەنیر و ..هتد) بەشێوەی ١٠٠٪ سروشتی. پرۆژەکە لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و توانای بەرهەمی رۆژانەی (١٠) تەنە.

## ٢. پرۆژەی کارگەی قارچکی هیوا

«ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە سنوری شاری کەلار لەسەر روبەری ٢٥ دۆنم زەوی جێبەجێکراوە، توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی ١٤٠٠ تۆن قارچکە، پرۆژەیەکی تەواوکارییە، پێکدێت لە چەند بەشێک، بەشی یەکەمی لە مانگی سێی ئەمساڵەوە لەکاردایە کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی قارچک. بەرهەمی کارگەکە رۆژانە هەناردەی بازاڕەکانی کەلار و سلێمانی دەکرێت، رێژەیەکی زۆری هەناردەی شارەکانی موسڵ و بەغداد دەکرێت، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەناردەی وڵاتی ئیمارات بکرێت و رێکارەکانی لە قۆناغی تەواو بوندایە». هێرش محەمەد، خاوەنی پرۆژەی کارگەی قارچکی هیوا، وای وت.

## ٣. کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی دیاربەکر

ئیسماعیل بەکر، خاوەن کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی «دیاربەکر»، دەڵێت: ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە سنوری قەزای کفری، پرۆژەیەکی وەرزییە لەسەر روبەری ٥ دۆنم زەوی بە گوژمەی دو ملیار دینار جێبەجێکراوە، توانای وشککردنەوەی رۆژانەی هەزار تەنە.

پرۆژەکە لە چوار کۆگا پێک دێت، کۆگایەک بۆ خاڵی کردنی مەواد، کۆگای دوەم بۆ ئامادەکردنی مەواد بەشێوەی فەل و لە کیسەکردن، دو کۆگای دیکە بۆ خەزنکردنی مەواد. کارگەکە تاکە کارگەیە لە گەرمیاندا کە بەرهەمی جوتیاران ساغ بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەستاون بە دابینکردنی بنەتۆو بە قەرز بۆ جوتیاران و دەراسە بۆ درەوکردنی. بەرهەمی کارگەکە هەناردەی خوارووی عێراق دەکرێت.

## ٤. پرۆژەی کوشتارگەی پەلەوەری خاوێن

بەرزان عومەر، خاوەنی پرۆژەی کوشتارگەی خاوێن بۆسەربڕین و ئامادەکردنی مریشکی خۆماڵی، دەڵێت: پرۆژەکەمان دەکەوێتە ناوچەی پیشەسازی کەلار، پێکدێت لە کوشتارگەیەک کە ئامادەکردن و سەربڕین و لە پاکەت نانی مریشکی خۆماڵی لەخۆدەگرێت، بە شێوەی ستانداردی جیهانی کاردەکەین.

دەشڵێت: بەرهەمەکەمان تەواو کوالیتییە، لە کوڵاندنی ئاو و ساردکردنەوە و لە جیلەر و وشککردنەوەی تا ئەوەی ئەبێت لە دەرەجەی ناقس ٣٥ بۆ ٤٢ بیبەستێت لە ماوەی شەش سەعات دواتر دەخرێتە پاکەتەوە لەپلەی ساردی ناقس ١٨ تا ساڵێک بۆت هەیە بەکاری بێنی. بەرهەمی رۆژانەی کارگەکەمان ١٢ هەزارمریشکە.

## ٥. کارگەی زەیتی زەیتونی کەلار

نیعمەت رەحیم ، خاوەن پرۆژەی زەیتی زەیتونی کەلار، دەڵێت: پرۆژەکەمان پرۆژەیەکی وەرزی دو مانگییە، دەکەوێتە سنوری شاری کەلارەوە، لەسەر روبەری (٢) دۆنم زەوی جێبەجێکراوە، پێکدێت لە گوشینی زەیتون بۆ زەیت، توانای بەرهەمی لە رۆژێکدا (٤٠) تۆن لە ماوەی دومانگدا (٢٤٠٠) تۆنە. کێشەی ساغکردنەوەمان نییە ئەگەر زەیتون هەبێت و زەیتی باشی هەبێت خەڵک ئەیکرێت.

## ٦. کارگەی ئالیکی مرواری

سەربەست حەسەن عەلی، خاوەن کارگەی ئالیکی مرواری، دەڵێت: ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە سنوری قەزای کفرییەوە لەسەر روبەری ٥ دۆنم زەوی جێبەجێکراوە بە گوژمەی ٣ ملیۆن دۆلار، توانای بەرهەمی لە رۆژێکدا لەماوەی ٦ بۆ ١٠ سەعات کارکردن ١٢٠ بۆ ٢٠٠ تەنە، لەساڵی ٢٠١٠ دەستی بەکارکردوە، بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئالیک بۆ: (مریشکی گۆشت، مریشکی هێلکە، ئاژەڵی بچوک و گەورە بۆ گۆشت، بۆ مانگای شیر و ماسی). لە ناوخۆدا خواست لەسەر بەرهەمەکەمان باشە فرۆشمان هەیە بۆ دیالە و بەغداد و پارێزگاکانی باشوری عێراق.

## ٧. پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی مرواری

«ئەم پرۆژەی دەکەوێتە سنوری قەزای کفرییەوە لەسەر روبەری ٢ دۆنم زەوی دروستکراوە، بە گوژمەی ملیۆنێک و شەشسەد هەزاردۆلار، توانای بەرهەمی ١٢ ملیۆن جوجکەی هەیە لە ساڵێکدا. لەساڵی ٢٠١٦ ەوە دەستی بەکارکردوە. پرۆژەکە پێکدێت لە هەڵهێنەری هێلکەی تروکاندن بۆ (مریشکی گۆشت و مریشکی هێلکە)، هێلکەی پرۆژەکە لە ولاتی هۆڵەندا دەکڕدرێت». سەربەست حەسەن عەلی، خاوەنی پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی مرواری وای وت.

## ٨. کارگەی ئالیکی دیاربەکر

ئیسماعیل بەکر، خاوەن کارگەی ئالیکی دیاربەکر، دەڵێت: ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە سنوری قەزای کفرییەوە لە سەر روبەری ٥ دۆنم زەوی بە گوژمەی ملیار و نیوێک دینار جێبەجێکراوە، توانای بەرهەمی لە رۆژێکدا ١٦٠ بۆ ١٧٠ تەنە، لەساڵی ٢٠١٥ـەوە دەستی بەکارکردوە. پرۆژەکەش ئالیک بۆ (مریشکی گۆشت، مریشکی هێلکە، مانگای گۆشت، مانگای شیر و ماسی) بەرهەمدێنێت. وتیشی: لە ناوخۆدا خواست لەسەر بەرهەمی کارگەکەمان هەیە بەتایبەت لە شارەکانی (سلێمانی و هەڵەبجە)، هەروەک هەناردەمان بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بۆ پارێزگا و شارەکانی (عەمارە، ناسریە، فەلوجە، دیالە، موسڵ و بەغداد) هەیە.

## ٩. پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی ئادەم

ئەنوەر عومەر محەمەد، خاوەن پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی ئادەم، دەڵێت: پرۆژەکەمان دەکەوێتە سنوری ساڵح ئاغا «بان راسایی» لە ناحیەی قۆرەتو، لەسەر روبەری ٣ دۆنم زەوی جێبەجێکراوە، بە گوژمەی ٨٠٠ ملیۆن دینار، رۆژانە ٣٩-٤٠ هەزار جوجکە بەرهەم دێنین، لە ساڵی ٢٠٢١ـەوە دەستی بەکارکردوە. وتیشی: پرۆژەکە بریتییە لە بەرهەم هێنانی جوجکە بۆ (مریشکی گۆشت) و خواست لەسەر بەرهەممان زۆرباشە و بەپێی بازار بەرهەم هێنان دەکەین، بەرهەممان جگە لە کەلار و سلێمانی، بۆ ناوچەکانی خواروی عێراقیش داواکاری لەسەر هەیە.

## ١٠. پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی کازیوە

«ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە گوندی ساڵح ئاغا لە ناحیەی قۆرەتو، لەسەر روبەری (٢) دۆنم زەوی جێبەجێکراوە بە گوژمەی ملیۆنێک دۆلار، توانای بەرهەمهێنانی لە ساڵێکدا (٥٦١٦٠٠٠) جوجکەیە، لە ساڵی ٢٠١٥ دەستی بەکار کردوە، پرۆژەکە بریتییە لە بەرهەمهێنانی هێلکە بۆ (مریشکی گۆشت)، بەرهەممان بۆ ناوخۆی گەرمیان و شاری سلێمانی و ناوچەکانی تری عێراق دەڕوات». گۆران عەبدوڵلا، خاوەنی پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی کازیوە، وای وت.

## ١١. کارگەی ئالیکی ئامەد

ئاسۆ مستەفا حسێن، خاوەن پرۆژەی ئالیکی ئامەد، دەڵێت: ئەم پرۆژەیە لەسەر روبەری (٤٠) دۆنم زەوی جێبەجێکراوە، بەگوژمەی ١ ملیۆن و ١٠٠ هەزار دۆلار، توانای بەرهەمی مانگانەی (٦٠٠-٧٠٠) تەنە، دەکەوێتە گوندی باناسیاو لە ناحیەی کۆکسی سەر بە قەزای کفری، لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە دەستی بەکارکردوە. وتیشی: ئەم پرۆژەیە ئالیک بەرهەمدەهێنێت بۆ (مریشکی گۆشت و هێلکە، ماسی، مەڕ و مانگا)، لەناوخۆی گەرمیاندا خواست لەسەر بەرهەمەکەمان باشە وهەناردەشمان بۆ شارەکانی (سلێمانی، هەڵەبجە، خانەقین، قەرەتەپە و جەلەولا)هەیە

# دوەم: گرفتەکانی بەردەوام پەرەدان بە پرۆژە کشتوکاڵییەکان

## ١. گرفتی بەرهەمی دەرەکی و کاریگەری لەسەر بەرهەمی ناوخۆ

هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی و هەرزانی نرخی بوەتە هۆکاری گرفت بۆ خاوەن پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ.
عەلی ئەکبەر، بەڕێوبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری، دەڵێت: بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەم لە دەرەوە، ئێمە ناچارین بەرهەمەکانمان بە زەرەر بفرۆشینەوە، لەکاتێدا ئەو بەرهەمانە نرخیان هەرزانە لەبەر ئەوەی بەپاودەر دروست دەکرێن، بەڵام بەرهەمەکانی ئێمە تەواو سروشتی و تازەن.
خاوەن پرۆژەیەکی دیکە جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە.
بەرزان عومەر، خاوەنی پرۆژەی مریشکی فرێشی خاوێن، دەڵێت: جگە لە هاوردەکردنی مریشکی دەرەوە هیچ گرفتێکی ترمان نییە، تەنها منافەسەی مریشکی دەرەوە ناکرێت، لە کاتێدا وەزیری کشتوکاڵ قەدەغەی کردوە، بەڵام لە لایەن وەزارەتەکانی ناوخۆ و بازرگانییەوە جێبەجێناکرێت، چونکە ئەم دو وەزارەتە دەسەڵات بەدەستن لە مەرزەکان.
دەشڵێت: بەڵگەمان هەیە کە خاوەن کۆمپانیای تورکی ئەڵێت رۆژی ١٨ بۆ ٢٠ ترێلە مریشکی بەستو لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە بە قاچاغ دێتە ئەم دیو، لەکاتێکدا ئەو مریشکەی کە بەقاچاغ دێت ٣٠٪ بۆ ٣٥٪ی خۆی دەبینێتەوە لە مریشکی (بەرازیلی، پاکستانی و ئێرانی).
هاوکات بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان جەخت لەم کێشەیە دەکاتەوە و دەڵێت: «وەزارەتەکانی ناوخۆ و بازرگانی پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ نابن لەبارەی قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشکی بەستو».
دەشڵێت: بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە بڕیار لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت، بۆ ئەوەی وەزارەتی بازرگانی پابەند بێت و ئەو بەروبومانەی هاوردەکردنیان قەدەغە دەکرێت، رێگە نەدرێت لە دەروازە سنورییەکان بێنە ژورەوە.
لایخۆشیەوە شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: هاوسنوری هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یەکێکە لەو گرفتانەی روبەڕوی پرۆژە کشتوکاڵییەکان دەبێتەوە لە روی ساغکردنەوەی بەرهەمەوە، هەریەکە لە وڵاتانی: (خواروی عێراق، ئێران و تورکیا)، ئەمانە خۆیان بە بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵییەوە سەرقاڵن و تێچوی بەرهەمیان زۆر هەرزانترە لەچاو تێچوی بەرهەمی ناوخۆی لای خۆمان، ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ دروستکردوین.
دەشڵێت: وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ هەرچەندە رێگری دەکەین لە هاوردەکردنی هەندێک بەرهەم لە وەرزی پێگەیشتنی بەروبومدا بە قەدەغەکردن و باج خستنەسەر، بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بکەین لە نێوان نرخەکانی دەرەوە و ناوخۆدا، بەڵام هەندێکجار ئەو گرفتە هەر دەمێنێت.
لەگەرمیاندا بەرهەمی کشتوکاڵی زۆرن، بەڵام بەوهۆیەی توانای هەڵگرتنیان نییە، زۆر سودیان نابێت بۆ جوتیاران، بۆ ئەمەش پێویست دەکات پرۆژەی پیشەسازیی کشتوکاڵی هەبێت.
شادیە حسێن، وتی: لەوەرزی پێگەیشتنی بەروبومەکان دا، گرفتی ساغکردنەوەمان هەیە، ساغکردنەوەش تەنها لەڕێگەی دۆزینەوەی بازاڕاوە چارەسەر ناکرێت.
دەشڵێت: ئەو بەروبومانەی کە بەرهەمیان زیادە، دەبێت ببرێنە قۆناغی بە پیشەسازییکردنەوە، بەرهەمەکە گۆڕانکاری بەسەرابێت لەڕێگەی بە پیشەسازیکردنی، لەنمونەی گوشین و لە قوتونان و ...هتد.



## ٢. گرفتی هۆشیاری خەڵک و کاریگەری لەسەر بەرهەمی پرۆژە کشتوکاڵییەکان

نەبونی هۆشیاری خەڵک بەگرفت بۆسەر بەروبومی ناوخۆ دادەنرێت، گرنگی نەدان بە بەرهەمی ناوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانەوە بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ لاوازیی بەرهەمی پرۆژە کشتوکاڵییە.

عەلی ئەکبەر، بەڕێوەبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری، دەڵێت: تائێستا گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەممان نییە، بەڵام کێشەی هۆشیاری خەڵکمان هەیە، کە بەکارهێنەری چ بەرهەمێکە، بەرهەمێک بە مەوادی پاودەر دروست کرابێت لەگەڵ بەرهەمێک بە سروشتی دروستکرابێت جیایە و دەبێت هاوڵاتی جیای بکاتەوە.

وتیشی: خەڵک بەکڕینی بەرهەمێکی ناوخۆ ئەبێتە پاڵپشتییەک بۆ ئەو کارگانەی بنیاتنراون و ئەوانەشی لەداهاتودا بنیاتدەنرێن.

بەرزان عومەر، خاوەنی پرۆژەی کوشتارگەی پەلەوەری خاوێن، دەڵێت: ئێمە کوشتارگەیەکمان دانا بۆ ئەوەی پێداویستی گەرمیان پڕبکاتەوە، بەڵام خەڵکی بەهۆی ئەو بەرهەمە بەستوە خراپانەی هاتونەتە وڵاتەوە، بەرهەمەکەی ئێمەش وەک ئەو بەرهەمە بەستوەی دەرەوە سەیر دەکەن، بەرهەمی ئێمە لای خەڵک پەسەند نییە.

هاوکات شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: خواستی خەڵک لەسەر گیرفانیەتی، بەروبومی ناوخۆ تێچوی زۆرترە، ئەمەش گرفت دروست دەکات.

وتیشی: یەکێک لەو گرفتانەی هەیە ئەوەیە خەڵکی ئەو رۆشنبیرییە تەواوەیان نییە برەو بە بەرهەمی ناوخۆ بدەن، ئەگەرچی بۆهۆشیارکردنەوەی خەڵک کارکراوە، بەڵام لەئاستی پێداویستدا نەبوە.



## ٣. گرفتی رۆتینات و کێشەی ئیداریی و گومرکیی

دواکەوتنی رێکارە ئیدارییەکانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەت و فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان، نیگەرانی و گرفتی بۆ خاوەن پرۆژەکان دروست کردوە تا ئاستی بێزاربون و زیان پێگەیاندن.

هێرش محەمەد، خاوەنی پرۆژەی کارگەی قارچکی هیوا، دەڵێت: رۆتینات و درەنگ تەواوکردنی کارەکانمان لە فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومییەکان، بوەتە مایەی بێزاری تا ئەو رادەیەی وادەکەن کارەکەت نەکەیت، ئێمە دوای ساڵێک و نۆمانگ مۆڵەتمان وەرگرتوە، لەڕوی کاتەوە زۆر دوای خستوین، ئەم دواخستنەش بۆ ئێمە لە هەندێک روەوە زیانمان پێدەگەیەنێت.

هاوکات نیعمەت رەحیم، خاوەن پرۆژەی زەیتی زەیتونی کەلار، دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە خەریکی دەرهێنای مۆڵەتی فەرمیم، تائێستا کە کۆتاییەکانی ٢٠٢٣یە بۆم نەکراوە، ئەمەش بەهۆی رۆتیناتی فەرمانگەکانەوە، بە شێوەیەک بێزار بوین بە هۆی ئەو سەرفیاتەوە نەبێت کە کردومانە، واز لە پرۆژەکە دێنین.

گۆران عەبدوڵڵا، خاوەنی پرۆژەی هەڵهێنەری کازیوە، دەڵێت: گرفتمان لە دانانی یاساکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە کە سەرپەرشتیاری فەرز کردوە بەسەرماندا لەبەرامبەردا مانگانەیەکی پێبدەین.

دەشڵێت: «من ئەمە بە زوڵمی دەزانم من پرۆژەیەکم هەیە بۆ خۆم کاردەکەم بۆ پارەم لێ بسێندرێت، بۆ ئەو کارمەندەی هێناویانە داوادەکەن من مانگانەی بدەم، ئەمە کەی یاسا و رێنماییە؟!».

یەکێکی دیکە لە گرفتەکان، نەبونی لێخۆشبونی گومرکی یان جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی لێخۆشبونی گومرکییە.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکان، نەبونی لێخۆشبونی گومرکی یان جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی لێخۆشبونی گومرکییە.

نیعمەت رەحیم، خاوەنی پرۆژەی کارگەی زەیتی زەیتونی کەلار، دەڵێت: خراپی جۆری زەیتونی ئەو باخانەی کە لێرە هەن بە هۆی کەمی بڕی زەیتەکەی، ئێمەی ناچارکردوە لە سوریاوە زەیتون بێنین، ئەمەش نرخی زۆرە و تێچوی گومرکیش کێشەیە بۆ ئێمە و زۆرگران دەکەوێت لەسەرمان.

هێرش محەمەد، خاوەنی کارگەی قارچکی هیوا، دەڵێت: پرۆژەکەمان بۆ هێنانی هەندێک مەواد لێخۆشبونی گومرکی هەیە، بەڵام ئەو نوسراوانەی بۆ ئەم مەبەستە دەکرێن زۆر دوادەکەون، ئەمەش وادەکات تەواونەکردنی هەر نوسراوێکمان مانگانە لە روی تێچونەوە زیانی ٢٠ تا ٣٠ هەزار دۆلارمان لێ بدات.

## ٤. گرفتی ناسەقامگیریی بازاڕ

ناسەقامگیریی بازاڕ و جێگیرنەبونی بەهای دۆلار، گرفتی بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکانی گەرمیان دروستکردوە.
عەلی ئەکبەر، بەڕێوبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری، دەڵێت: بەهۆ ئەوەی ئەو پێداویستی و مەوادانەی لەدەرەوە ئەی هێنین وەک (شوشە) بە دۆلارە، نرخێکی زۆر لەسەرمان دەکەوێت، بەتایبەتی کە نرخی دۆلار بەرز بێتەوە و ئێمەش بە دینار بەرهەمەکانمان دەفرۆشین.
هاوکات سەربەست حەسەن، خاوەن پرۆژەی هەڵهێنەری جوجکی مرواری، دەڵێت: دابەزینی بازاڕی مریشک گرفت بۆ ئێمە دروست دەکات، چونکە نافرۆشرێت، کە نەفرۆشرا دەمێنێتەوە و دەبێتە کێشە، چونکە زیندوە، ناچارین بە نرخی زۆر هەرزان بیفرۆشین بە خەڵک.
بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: گەورەترین گرفت کە ڕوبەڕوی سامانی ئاژەڵ دەبێتەوە، ناسەقامگیریی بازاڕە، لە ڕوی چۆنیەتی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و بە بازاڕکردن.
وتیشی: گەورەترین کێشە ڕودەدات کە لەکاتێدا بەهای دۆلار بەرزە، بەرهەم بە دینار دەفرۆشرێت، ئەمەش لەکاتێکدا پرۆژەکان خۆیان پێداویستی و کەرەستەکانی پرۆژەکانیان بەدۆلار دەکڕن.

## ٥. کێشەی کارەبا و غاز

عەلی ئەکبەر، بەڕێوبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری، دەڵێت: نەبونی کارەبای هەمیشەیی گرفتی بۆ دروست کردوین، چارەسەرکردنی سودێکی زۆر بە پرۆژەکەمان دەگەیەنێت.
وتیشی: بەهۆی ئەوەی کاتی بڕانی کارەبامان نەزانراوە، لە هەندێک کاتدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانین کەچی کارەبامان دەبڕێت، بەمەش ئامێرەکانمان لە بەرهەمهێنان دەوەستن، کە ئەمەش کێشەی بۆ دروستکردوین.
هێرش محەمەد، خاوەن پرۆژەی کارگەی قارچکی هیوا، دەڵێت: پرۆژەکەمان پێویستی بە کارەبای ٢٤ سەعاتییە، یەکێکە لەو پرۆژە هەستیارانەی نابێت کارەبای لێ ببڕێت، گرفتی نەبونی کارەبای بەردەوام وایکردوە تێچومان زۆر زیاتر بێت بەهۆی کارپێکردنی مۆلیدەوە کە لە مانگێدا ١٠ بۆ ١٥ ملیۆن دینار تێچوی گازمان هەیە.
«پرۆژەکەمان بەڕادە، گۆشت گەر بتوێتەوە خراپ دەبێت، کارەبای ئێمە لەسەر ناوچەی پیشەسازیی کەلارە، لە شەودا نییە، ئێمە ناچارین مۆلیدە کارپێبکەین، ئەگەر کارەبامان بۆ بکرێت بە ٢٤ سەعاتی باشترە، هەرچەند ئەویش بە یەکەیە و تێچوی لەسەر خاوەن پرۆژە وادەکات بەرهەمەکە گران بکەوێت». بەرزان عومەر، خاوەن پرۆژەی کوشتارگەی خاوێن بۆ ئامادەکردن و سەربڕینی مریشکی خۆماڵی وای وت.
لەبەرامبەردا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: ناتوانین کارەبای ٢٤ سەعاتی بۆ ئەو کارگانە دابین بکەین، چونکە کارەبای هەمو کارگەکان تێکەڵە، بۆنمونە بۆ بەردەوامکردنی کارەبای پرۆژەی شیری مرواری، دەبێت کارەبای هەمو کارگەکان بکرێت بە ٢٤ سەعاتی بە هۆی تێکەڵی کارەبای هەمو کارگەکان.
دەشڵێت: هیچ پرۆژەیەک داوای کارەبای بەردەوامی لە ئێمە نەکردوە بەشێوەی فەرمی، بەڵام ئەگەر داواشی بکەن ناتوانین هیچیان بۆ بکەین.
یەکێکی تر لە کێشەکان، دابینکردنی غاز «گازی سروشتیی»ـە. ئیسماعیل بەکر، خاوەنی پرۆژەی کارگەی وشککردنەوەی گەنمەشامی دیاربەکر، دەڵێت: پێویستمان بە هاوکاری حکومەتە بە دابینکردنی غاز بە نرخی کارگە، ئەگەر هاوکاری بکرێین ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابینکردنی غاز خەرجی دەکەین، دەگەڕێتەوە بۆسەر تێچوی جوتیار، ئەمەش وادەکات پەرەی زیاتر بە بەرهەمهێنان بدەن.
لەبەرامبەردا، یادگار فەتاح، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان دەڵێت: هیچ پرۆژەیەک نەهاتوتە لامان داوای پێدانی غازی کردبێت، ئەگەر داوایەکی لەو شێوەیە بکرێت لە لایەن لیژنەیەکەوە هەڵسەنگاندنی بۆدەکەین بۆ ئەوەی بزانین بڕی چەندی پێویستە و تاچەند پێمان دابین دەکرێت.

### ٦. کێشەی دابینکردنی زەوی پێویست

نیعمەت رەحیم، خاوەنی پرۆژەی کارگەی زەیتی زەیتونی کەلار، دەڵێت: بۆ ئەوەی خۆمان بەرهەمی زەیتونمان هەبێت و ناچار نەبین لە سوریاوە بیهێنین، پێویستمان بە ٥٠ بۆ ١٠٠ دۆنم زەوییە بۆ ئەوەی باخێکی زەیتونی نمونەیی تیادا دروست بکەین، بەم کارەش خەڵک سودمەند دەبێت، کە دەبینن جۆری زەیتونی باش کراوە و رێژەی زەیتی زۆرە خەڵکیش چاوی لێدەکات و پرۆژە دەکات.
لە هەمان کاتدا عەلی ئەکبەر، بەڕێوبەری پرۆژەی کارگەی شیری مرواری، دەڵێت: لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری کراوین، بەڵام پێویستمان بە هاوکاری زیاترە، بەتایبەتی لەڕوی دابینکردنی زەوییەوە، چونکە پرۆژەکەی ئێمە تەنها کارگەی شیر نییە، بەڵکو گاوداریيشە و پێویستی بە نزیکەی (٥٠٠٠) دۆنم زەوییە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان ١٠٠٪ ئالیکی مانگاکان بەرهەمبهێنین.
لە بەرامبەردا شادییە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لەهەر پرۆژەیەک توانای فراوانکردنمان هەبێت فراوانکردنیان بۆ دەکەین، بۆ نمونە پرۆژەی کارگەی شیری مرواری سەرەتا داوای روبەری (٢٠٠) دۆنمی کرد، بەڵام کاتی دەستکردن بە ئیشەکە پێویستی بە روبەری زیاتر بو و (١٠٠) دۆنم زەوی دیکەمان بە تەنیشتییەوە بۆ پرۆژەکە زیاد کرد.

### ٧. کاریگەریی کەرتی نیشتەجێبون لەسەر کەمی وەبەرهێنان لە پرۆژەی کەرتی کشتوکاڵ

هەڵکەوتەی سنوری ئیدارەی گەرمیان و گرنگیدانی زیاتری وەبەرهێنەران بە کەرتی نیشتەجێبون بە یەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە کاری کردوەتە سەر وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی و ئەنجامدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان.
شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: بەحوکمی ئەوەی گەرمیان لە دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان و مونزریەوە نزیکە، هەروەها شوێنێکی تەواو بازرگانییە، ئەمە وایکردوە زۆر قورس بێت بۆ ئێمە وەکو بەڕێوبەرایەتی بچینە بابەتی کشتوکاڵییەوە، چونکە بازرگانەکانمان زیاتر سەرقاڵی کەرتی نیشتەجێبون و هاوردە و هەناردەکردنن.
دەشڵێت: وەبەرهێنەر هاندراوە زیاتر لە کەرتی نیشتەجێبون وەبەرهێنان بکات و ئەو رێگایەیان زیاتر نیشانی وەبەرهێنەر داوە، بەهۆی ئەوەوە وایلێهاتوە وەبەرهێنەر رازی نابێت پرۆژەی کشتوکاڵی بکات، کارئاسانیەکانی کەرتی نیشتەجێبون وایکردوە وەبەرهێنەر حەزی لە پرۆژەی کشتوکاڵی نەبێت، هەروەک پرۆژەکانی نیشتەجێبون دەستکەوتەکەی خێرا دێتە دەست، بەڵام پرۆژە کشتوکاڵییەکان دەستکەوتەکەی خێرا نایەتە دەست.

### ٨. نەبونی بودجە و قەیرانی دارایی

نەبونی بودجە و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی یەکێکە لەو کێشانەی روبەڕوی پەرەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان دەبێتەوە، بەشێوەیەک کێشەی بۆ بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ دروستکردوە و کاریگەری کردوەتە سەر جێبەجێکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان.
ئیسماعیل محەمەد، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری وبەڕێوبەری باخداری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی نەبونی بودجەوە ناتوانین هیچ رۆژەیەک جێبەجێبکەین، تەنها دەتوانین زەوی بۆ وەبەرهێن تەرخان بکەین بە سەرمایەی خۆی پرۆژە بکات.
دەشڵێت: پێش رودانی ئەم دۆخە لەو بودجەیەی بۆمان تەرخان دەکرا، پرۆژەمان پێ جێبەجێدەکرد کە خۆی دەبینییەوە لە: دروستکردنی باخ، کڕینی پێداویستی پرۆژەی ئاودێری و ..هتد، ئەمە سەرباری ئەوەی لەڕێگەی قەرزی کشتوکاڵییەوە هاوکاری جوتیاران دەکرا و کرێی گواستنەوەیان بۆ خەرجدەکرا، هەروەک بنەتۆی گەنمیان بۆ دابیندەکرا.
شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لەپێش ئەم قەیرانانەوە ئەبوایە ئەو هەنگاوانە بنرایەن بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پرۆژە کشتوکاڵییەکان، ئەوکات دەرئەنجامی زۆر زۆر باشترمان بەدەستەوە دەهات، نەک ئێستا لە کۆتاییدا و لە دوای ئەو قەیرانانە هەنگاومان بۆیان ناوە.
دەشڵێت: ئەبوایە حکومەتی هەرێم لە سەرەتایی دروستبونیەوە زۆر گرنگی بە کشتوکاڵ بدایە و پشتی بە نەوت نەبەستایە.

## سێیەم: ڕۆڵی حکومەت لەبرەودان بە پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ چی بوە؟

حکومەت باس لەوەدەکات گرنگیدانی ئەو بە واڵاکردنی پرۆژەی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەتدا، هۆکاری بونیادنانی چەندین پرۆژەیە، لەکاتێکدا ڕێژەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان کەم و سنوردارن. شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: گەرمیان پرۆژەی کشتوکاڵی زۆری تێدانەبو، دوای ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێم بۆپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ نای، ئێمە داوامان لە چەند وەبەرهێنەرێک کرد بۆئەوەی لەکەرتی کشتوکاڵدا پرۆژەمان بۆ جێبەجێ بکەن، لە ئەنجامدا خۆشبەختانە ئێستا ئەو پرۆژانە لەکاردان.

لەبارەی ئەوەی هاوکارییەکانی حکومەت بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکانی کەرتی تایبەت چین؟ شادیە حسێن، وتی: هاوکارییەکانی حکومەت بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان خۆی دەبینێتەوە لە دابینکردنی زەوی و لێخۆشبونی گومرکی بۆ ئەو بەروبومانەی کە ئەیهێننە کوردستانەوە وەکو ئامێر و هەر پێداویستییەک بۆ پرۆژەکان، ئەو پرۆژانەی کە پرۆژەی کشتوکاڵین لەروی نرخی کارەباوە نرخێکی کەمتریان هەیە لەچاو پرۆژە بازرگانییەکان.

باسی لەوەشکرد: پاڵپشتی و هاوکارییەکانی حکومەت بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان وایکردوە وەبەرهێنەران سەرمایەی خۆیان لە پرۆژە کشتوکاڵییەکاندا وەگەڕبخەن، ئێستا وەبەرهێنەران بە پرۆژەی نوێوە سەردانمان دەکەن بۆ وەبەرهێنان.

هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: پلانی ئێستای حکومەت ئەوەیە زۆرترین پرۆژەی کشتوکاڵی ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەو پێشنیاز و پرۆژانەی دێتە لامان هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداردایین، بۆئەوەی بەزوترین کات مۆڵەتیان بدەینێ و پشتیوانی ١٠٠٪ی پرۆژە کشتوکاڵییەکانین.

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: لەئێستادا لەقۆناغی سەرمایەگوزاریدایین لەکەرتی کشتوکاڵ دا، گونجانێکی باش هەیە لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی کشتوکاڵدا، بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ برەو بە پرۆژە کشتوکاڵییەکان بدرێت، بەتایبەتی لە پیشەسازییکردنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان دا.



# چوارەم: گرنگی پرۆژە کشتوکاڵییەکان لەڕوی بوژانەوەی ئابورییەوە

## ١. لەڕوی سودی ئابورییەوە

شارەزایەکی ئابوری باس لەوە دەکات  پرۆژە کشتوکاڵییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان  سەرەڕای ئەوەی گرنگی یەکی زۆری هەیە لە روی بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، سودێکی زۆرباشی هەیە لەڕوی ئابوری و دابینکردنی بەرهەمی ناوخۆوە.

بیابان نوری، دەڵێت: پرۆژە کشتوکاڵییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان زۆر گرنگن بۆ کەرتی کشتوکاڵی و بوژانەوەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان، هەرپرۆژەیەک کە دروست دەکرێت کشتوکاڵی بێت یان پیشەسازی کاریگەری زۆرباشی هەیە بۆ ناوچەکە لەڕوی دابین کردنی بەرهەمی ناوخۆ و خەڵک دڵنیاترە لە کوالێتی بەرهەمەکە.

بەڕێوبەری کشتوکاڵی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە پرۆژە کشتوکاڵییەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئابوری لە گەرمیان.

شادیە حسێن، دەڵێت: ئەم کاریگەرییە لە ساڵانی داهاتودا دەردەکەوێت و هەنگاو بە هەنگاو دەست پێدەکات، بە پێی کات ئەم پرۆژانە گەورە دەبن، ژمارەی پرۆژەکان کاریگەریی تەواویان لەسەر گەرمیان دەبێت، و دەبن بە ژێرخانێکی ئابوری بەهێز بۆ ناوچەکە.

## ٢. لەڕوی ئاسایشی خۆراکەوە

برەودانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ بەدەستهێنانی ئاسایشی خۆراکی لێدەکەوێتەوە.

بیابان نوری، شارەزای ئابوری و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان دەڵێت: زۆربەی بەرهەمە خۆراکییەکانمان لەدەرەوە هاوردە دەکرێت، کاتێک جەنگێک یان قەیرانێک رودەدات یەکسەر ئاسایشی خۆراکمان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەهۆی ئەوەی بە رێژەیەکی زۆر پشت بە بەرهەمی دەرەوە دەبەستین، بە نمونە کاتێک ریفراندۆم کرا و سنوری وڵاتانمان لێداخرا، ئاسایشی خۆراکمان کەوتە مەترسییەوە.

دەشڵێت: بە برەوسەندنی کەرتی کشتوکاڵ، واتە ئاسایشی خۆراکت دابین کراوە، واتە سەقامگیریی زیاتر دەکات، چونکە نەبونی ئاسایشی خۆراک نیگەرانی خەڵکی لێدەکەوێتەوە، کەرتی کشتوکاڵ یەکسانە بە ئاسایشی خۆراک ئاسایشی خۆراکیش واتە دڵنیایی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا.

## ٣. لەڕوی رەخساندنی هەلی کارەوە

پرۆژە کشتوکاڵییەکانی کەرتی تایبەت لەڕوی رەخساندنی هەلی کارەوە، بە پێی یاسایەک وەزارەتی کشتوکاڵ دەیکات بە مەرج لەسەر خاوەن پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دەرفەتی کار بۆ دەرچوانی بەشە کشتوکاڵییەکان برەخسێنن.

شادیەحسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان دەڵێت: ئەو پرۆژە کشتوکاڵیانەی کە پێویستە سەرپەرشتیاریان هەبێت، بەپێی یاسای ژمارە ٢١ کە ساڵی ٢٠٢٠ دەرچوە، مەرجە سەرپەرشتیارەکانیان ئەندازیارێکی کشتوکاڵی یان پزیشکێکی ڤێتنەری بن.

دەشڵێت: لەگەڵ کۆمپانیاکان رێککەوتوین ئەو پرۆژانەی کە کشتوکاڵین پێویستە هەلی کارەکانیان لە رێگەی دەرچوانی کۆلێژی کشتوکاڵی پڕبکاتەوە.

بیابان نوری، شارەزای ئابوری و مامۆستای زانکۆ، دەڵێت: بونی هەر پرۆژە و کارگەیەک، یەکسانە بە دابینکردنی کۆمەڵێک هەلی کار بۆ گەنجانی ناوچەکە، هەبونی هەلی کار سەرچاوەی داهاتە بۆ خەڵکی، بونی هەر داهاتێک یەکسانە بەوەی ئەو کەسەی پارەی پێیە بچێتە بازاڕ بەرهەم و پێداویستی بکڕێت، هەبونی خواست لەسەر بەرهەم کاردەکاتە سەرجموجوڵی بازاڕ، ئەمە سوڕی ئابورییە و پەیوەندی بەیەکەوە هەیە.

## بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. لە سنوری گەرمیاندا حاڵی حازر حەوت پرۆژە و کارگە لە بواری کشتوکاڵدا هەن کە گوژمەکەیان نزیکەی ٤٠ ملیۆن دۆلار دەبێت، لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ و سپیایی «شیرەمەنی» دان، هەروەک سەدان هەلی کاریان بۆ دانیشتوانی سنورەکە رەخساندوە.

٢. هەندێک لەو پرۆژانە زۆر گەورە و کەم وێنەن لە ئاستی کوردستان و بگرە عێراقیش، لەنمونەی پرۆژەی گاوداری و بەرهەمەکانی شیری مرواری و کارگەی قارچکی هیوا.

٣. جگە لە پێداویستی ناوخۆ، بەرهەمی ئەم کارگانە بەشی زۆریان بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق دەنێردرێت و هێشتا هیچ بەرهەمێک بۆ دەرەوەی وڵات نەنێردراوە.

٤. پرۆژەکانی بواری کشتوکاڵ روبەڕوی چەندین گرفت دەبنەوە، دیارترینیان نەتوانینی کێبڕکێکردنی بەرهەمی دەرەکییە، چونکە بەرهەمی ناوخۆیی نرخەکەی گرانتر دەکەوێت وەک لەوانەی وڵاتانی دراوسێ، هەروەها ئاسانکاریی نەکردن و نەپاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی لەلایەن حکومەتەوە بە دانەنانی باج و گومرک بۆ ئەوەی هانی بەرهەمی ناوخۆیی بدرێت.

٥. یەکێک لەو کێشە گەورانەی روبەڕوی پرۆژە کشتوکاڵییەکان دەبێتەوە لە لایەن حکومەتەوە، نەبونی ئاسانکاریی و زۆری رۆتیناتە، بەشێوەیەک وەبەرهێنەکانی دڵخوارد کردوە لەوەی پەرە بە کارەکانیان بدەن.

٦. بەرهەمی کشتوکاڵی سنورەکە هێشتا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە پێویست بەوە بکات کارگەی تایبەتمەندی بۆ دابنرێت، هەندێک لەو کارگانە پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵیی دەرەوە دەبەستن، هەنگاوەکانی حکومەتیش لەمڕووەوە زۆر رون نین.

٧. لەدابینکردنی سەرچاوەی وزەدا رەچاوی کارگەکان نەکراوە، بۆنمونە کێشەی کارەبا و غازیان هەیە و حکومەتیش هیچ ئەولەویەتێکی بەمان نەداوە بۆ ئەوەی وەکو ئاسانکارییەک لە ئیشوکارەکانیان دا هاوکارییان بکات.

٨. پرۆژەکان پێویستیان بە روبەری دیکە هەیە، کە هەندێکجار حکومەت زەوی دیکەی بۆ دابین کردون و هەندێکجاری دیکەش رەچاوی ئەم لایەنەی نەکردوە.

٩. ناوچەی گەرمیان بەوە ناسراوە کە سەرمایەداری زۆر تیایە، بەڵام کەمترینیان لە بواری پرۆژە کشتوکاڵییەکاندا سەرمایەگوزارییان کردوە، بەڵکو زۆرتر پارەکانیان لەو بوارانەدا بەکارهێناوە کە قازانج تیایاندا زوتر بەدەست دێت، لەنمونەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون و عەقارات.

١٠. بونی قەیرانی دارایی کاریکردوەتە سەر پرۆژەکان، بەوەی بوەتە هۆی کەمبونەوەی دەوام و رۆتیناتی زیاد کردوە، هەروەک ئەو پاڵپشتییە داراییەشی کە پێشتر هەبوە بۆ برەودان بەم بوارە نەماوە.

١١. ناجێگیری بازاڕ و بەتایبەت دۆخی دراوی دۆلار، کاری زۆری کردوەتە سەر کارگە و پرۆژەکان، بەتایبەتی کە ئەوان بۆ هێنانی هەندێک مادەی خاو پشت بە دەرەوە دەبەستن، هەروەک جێگیرنەبونی نرخی دراوی عێراقی وادەکات لە روی نرخەوە کاربکاتە سەر بەرهەمەکانیان.

١٢. ئەگەرچی پرۆژەکان توانایەکی زۆری مادی و مەعنەوییان تێدا خەرجکراوە، بەڵام هێشتا هۆشیاریی لای بەکاربەران و کڕیاران لاوازە لەوەی ئەولەویەت بدەن بە کڕینی بەرهەمی ناوخۆیی، ئەمەش بە زیانی ئەو پرۆژانە دەشکێتەوە.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

- کشـتوکاڵ و پـرۆژە کشـتوکاڵییەکان بـە بڕبـڕەی پشـتی هـەر کۆمەڵگایـەک دادەنرێن و ڕۆڵیـان هەیە لە پاراسـتنی ئاسایشـی خۆراکـی. حکومـەت ئەمە دەزانێـت و هەوڵـی پەرەدانی پێـداوە، بـەڵام هەوڵدانەکە ڕوکەشـیانەیە و قـوڵ نەبوەتـەوە تیایـدا، بەڵگەش بـۆ ئەمە ئـەو لاوازییەیە کە لـەم کەرتـەدا بونی هەیە. بۆیـە پێویسـتە حکومـەت و بەتایبەتی وەزارەتی کشـتوکاڵ، پلانێکی بەرفـراوان دابنێت بۆ ئەم سـێکتەرە و هـەر ناوچەیـەک بە جیـا پلانـی ناوچەیی خـۆی هەبێت و لەسـەر ئـەو بنەمایـە و بەهاوبەشـی حکومەتی خۆجێـی ناوچەکـە، هەمـو ئامادەکارییـەک بکرێـت لـە ڕوی دابینکردنـی زەوی و دروسـتکردنی نەخشـە و گەیاندنـی خزمەتگوزاریـی و ئاسـانکاریی تـەواو بۆ ئـەو پرۆژانەی پێشـنیاز دەکرێن ئەنجـام بدرێن.

- حکومـەت پێویسـتە پلانـی هەبێـت بـۆ ئەوەی هەمـو پـارەی سـەرمایەداران تەنها لـە کەرتـی بازرگانی و وەبەرهێنانـی نیشـتەجێبوندا قەتیـس نەبـن، بەڵکـو لەشـان ئەمانـەدا پـرۆژە لـە بـواری کشـتوکاڵ و پیشەسـازیی کشـتوکاڵی دا ئەنجـام بدرێـت، ئەمـەش بـە گرتنەبەری ئاسـانکاریی کـردن و لێخۆشـبون لە بـاج و گومـرک و ... هتد.

- ڕۆتینـات لـە هەمـو بوارەکانـدا دەردێکـی گەورەیـە، بەتایبەتـی لـە بـواری وەبەرهێنانکردن لـە کەرتی کشـتوکاڵدا، کـە وادەکات وەبەرهێنـەر جاڕس بێـت و بگات بەوەی دەسـتبەرداری پرۆژەکەی بێت. پێویسـتە حکومـەت ئالیەتێکی ئاسـانتر بۆ ئـەم لایەنە بدۆزێتـەوە، بەتایبەتی وابـکات پەرە بە بەرێکردنـی مامەڵەکان لـە ڕێگـەی ئۆنلاینـەوە بـدات، لەپێنـاو پاراسـتنی کات و هەوڵـی وەبەرهێنـەرەکان و زو جێبەجێکردنـی مامەڵەکانیـان.

- پێویسـتە حکومـەت بـە گرنگییـەوە لە بـواری وەبەرهێنان و سـەرمایەگوزاریی لـە پرۆژە کشـتوکاڵییەکان بڕوانێـت، لەمبارەشـەوە هـەر ئاسـانکارییەک هەیـە بیـکات، لەنمونـەی ئەنجامدانـی لێخۆشـبونی بـاج لە هێنانـی کەرەسـتە و مادەی بەکارهاتـو لـە دەرەوەی وڵات، کەمکردنەوەی بـاج و هاوکارییکردنـی کارگەکان بـە دابینکردنـی سـەرچاوەی وزە و ...هتد.

- پێویسـتە حکومـەت ڕۆڵـی هەبێـت لە دۆزینـەوەی بازاڕ بـۆ بەرهەمـی کارگە و پـرۆژە کشـتوکاڵییەکان، وابـکات بتوانـن کێبڕکێـی بەرهەمـی دەرەکـی بکـەن، ئەمیـش بـە زیادکردنی گومـرک لەسـەر بەرهەمی دەرەکـی، یاخود ڕێـکاری دیکە.

- گرنگـە کۆمەڵـی مەدەنـی و دەزگا میدیاییـەکان و وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشـیاریی بکـەن لەنـاو هاوڵاتیانـدا بۆ بەکارهێنـان و کڕینـی بەرهەمی کارگـە کشـتوکاڵییە ناوخۆییـەکان و پەرەدان بـە کەلتوری پشـت بەسـتن بـە بەرهەمـی ناوخۆیی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەنجامدانی چالاکـی جۆراوجۆر بـۆ بەهێزکردنی ئەم گوتـارە، گرنگ و پێویسـتە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکـی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشـتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net